# شێوازی نووسین ناتوانێت پاساو بێت بۆ شێوازی بێسەروشوێنکردن !!

**گۆران عەلی**
05/11/8
goranmad@hotmail.com

ئەگەر بڕیار بێت کەیسی ئەو کەسانە بدرێتە دادگا ، کە لە نووسین وگفتوگۆدا سوکایەتی بە خەڵک دەکەن ، کە گووتارەکانیان بە توندو تیژی و جنێو بارگاوییە ، ئەوا دەبێت لە د.کمال سید قادرەوە دەست پێنەکرێت و ئەو نەبێتە یەکەم نیشانە بۆ ئەو نیشانە شکاندنە ، پەنابردن بۆ ئەم شێوازو پرەنسیپە لە کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا مێژوویەکی کۆنتری هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەداو دەکەوێتە پێش ووتارەکانی د.کمال سید قادرەوە ، ئەگەر هەر چاودێرێکی هۆشیارو وردبین بگەڕێتەوە بۆ ئەرشیفی ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا، ئەوا دەتوانێت خەرمانێک مرۆرو سیاژاوی تاڵ*لە چەشنی (خۆفرۆش ، ئاشبەتاڵ ، سیخوڕ ، گۆڕبەگۆڕ ، گەواد ، دەسیس ، کەلاکی بۆگەن ،تۆپاندن، تابوری پێنج ، جاش ، ....زۆرتریش ) لە کێڵگەی ڕاگەیاندنی ئەو پارتانەدا کۆبکاتەوە !

ڕەنگە فلیمێکی دوکیۆمێنتاری بە چێژ دەربچێت ئەگەر ئەو گووتارو بابەتانە کۆبکەیتەوە کە بێژەری یەکێک لە تەلەفزیۆنەکان لە ماوەی 5 ساڵدا خوێندوویەتیەوە ، ئەوسا دەبینین کە هەر ئەو بێژەرە لە چەندین جێگای جیاوازدا 1 کەسایەتی و پارتی سیاسی ، جارێک بە سەرۆک و سەرکردەو بەڕێز و هاوپەیمان و کۆمەڵێک پێشگرو پاشگرەوە و جارێکیتر بەسەرەک جاش و نەفام و خائین و دوژمن و بێ پێشگرو پاشگر، ناو دەبات!

لە کۆمەڵگایەکدا کە سەرەک کۆمار بە خەڵکی کەرکوک بڵێت خائین (کە لە بەر نەبوونی ئاسایش و لە ترسی ئەوەی کچەکانیان لە ڕێگای قوتابخانە نەڕفێنن ،هەڵهاتوون و لە هەمان وڵات و لە شارێکی کەمێک ئاسایشتردا نیشتەجێ بوون )، کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە کە تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە کە د.کمال سید قادرە ئەو تیشکدانەوەیە لە چەند وتارێکیدا ڕەنگ بداتەوەو ئەو شێوازو پرەنسیپانە بە کاربهێنێتەوە !

بەڵام بۆ ئەم سیناریۆ و دادگایە لە کەیسی د.کمالەوە دەست پێدەکات ؟! مەبەستەکانی پشتی کەوالیس چین؟! بەبڕوای من ئەمە هەوڵێکە بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئەو بوارە بەربڵاوو ئازادە کە ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕەخساندوویەتی ، بە تایبەت ڕۆژنامەی ئازادو بێسانسۆری ئەلەکترۆنی(سوپاس بۆ تەکنۆلۆژیا) کە توانیویەتی هەنگاوی ڕەخنەی بگەیەنێتە سنورو هێڵە سورە پیرۆزەکانی حیزب ، دەسەڵات ، سەرکردە ! کەتوانیویەتی پرشنگی ڕەخنەی بگەیەنێتە سەردابە تاریک و نهێنییەکانی دەسەڵات!

بێسەروشوێنکردنی د.کمال بە بیانووی شێوازی نووسین ،هەوڵێکە بۆ هێرشکردنە سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی لە لاوازترین و ناسکترین گۆشەیەوە** ، دەمێکە دەفری غەزەبی دەسەڵات و ڕۆژنامە کەوییەکانی دەسەڵات بە دژی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی لێوانلێو بووەو لێشی دەرژێت ! تەنانەت لە ناوچەکەشدا هەروایەو بێزاری دەوڵەتانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی ، لەوەی کە بۆیان سانسۆر ناکرێت ، گەیشتۆتە لووتکە!

هەموو ئەو نووسەرو کەسایەتیانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا بە دژی شێوازی نووسین و گفتوگۆی د.کمال سید قادر ،دەنگیان هەڵهێنا ، مەبەستیان بوو شێوازی ڕفاندن و سەرنگومکردنی ناوبراو سەرنجی نەخرێتە سەر و پەردەی بە سەردا بدرێت!! لە بەرامبەریشدا هەموو ئەو نووسەرو کەسایەتییانەی بۆ پشتیوانی لە د.کمال دەنگیان هەڵهێنا ، بە دژی ئەو کلتوری ڕفاندن و سەرنگومکردنە دەنگیان هەڵهێناوە ، کە وەک میرات لە کەلاوەکانی بەعسیزمەوە بۆ کۆمەڵگای ئێمە بە جێماوەو بە داخەوە ئەم کلتورە ڕەنگە هێندەی تەمەنی بەعسیش تەمەن بکات !

ئەگەر د.کمال تاوانبارە ، با بدرێتە دادگاو شوێنی ژیان و چارەنووسی ئاشکرابێت و سزای تاوانەکانی خۆی وەرگرێت ، نەک بێسەروشوێن بکرێت ! شێوازی نووسین و زمانی زبرو ناشارستانی ، ناتوانێت پاساو بێت بۆ شێوازی زبرو ناشارستانی بێسەروشوێنکردنی کەسێک کە تەنها دەمی و قەڵەمێکی شکدەبرد بۆ پارێزگاری لە خۆکردن ، هەر هەوڵێکی پاساو هێنانەوە بۆ ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن ،تەنها خاوەنی هەوڵەکە دەکاتە پارێزەری ئەم دیاردە نامۆیە بە هەزارەی سێیەم و هیچی تر !

---

* مرۆرو سیاژاو : دوو گیای تاڵ و زیانبەخشن لە ناو گەنمدا سەوز دەبن.

** دەڵێم لاوازترین چونکە بیانووی شێوازی نووسین لە بەرامبەر نووسەرێکی تردا ڕەنگە هەمان خزمەتی نەکردایە!